VAALIT
VAL

# زانیاری سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۲۱ی شارەوانییەکان

فینلاندا دابەشبووە بەسەر شارەوانییەکاندا، کە بەپێی یاسای بنچینەیی مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە. شارەوانی لەبارەی چەندین بابەتی تایبەت بەدانیشتوانەکەیەوە بڕیار دەدات.

باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردەری شارەوانی، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوە لەلایەن دانیشتوانی شارەوانییەکەوە. ئەندامانی ئەنجومەن واتە نوێنەری شارەوانی هەر جارێک بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی شارەوانی لەرۆژی **یەکشەممە ۲۰۲۱/٦/۱۳** بەڕێوەدەبرێن.

هاووڵاتی فینلاندی کە تەمەنی یاسای پڕکردوەتەوە و لەفینلاندەدا دەژیی دەتوانێت دەنگ بدات و خۆی بەربژێربکات هەروەها هاووڵاتی ووڵاتانی دیکەش کە لەفینلاندەدا دەژین لەبەرامبەر چەند مەرجێکدا دەتوانن دەنگ بدەن و خۆیان بەربژێربکەن.

دەنگدان لەفینلاندەدا خۆویستانەیە.

لە هەرێمی ئاهڤێنانمادا هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ۲۰۲۱ بەڕێوەنابرێن.

## مافی دەنگدان – کێ دەتوانێت دەنگ بدات

مافی دەنگدانت هەیە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، ئەگەر هاووڵاتی فینلاندی بیت یاخود هاووڵاتی ووڵاتێکی دیکەی سەر بەیەکێتیی ئەورووپا، هاووڵاتی ئایسلاند یان نەرویج بیت وە ئەو مەرجانەی خوارەوەت تێدابێت:

- هەتا دوابەرواری رۆژی هەڵبژاردن (۲۰۲۱/٦/۱۳) تەمەنی ۱۸ ساڵیت پڕکردبێتەوە
- شوێنی نیشتەجێبوونت هەتا دوابەرواری ۲۰۲۱\٤\۲۳ لەفینلاندەدا بێت.

ئەگەر هاووڵاتیی وڵاتێکی دیکەیت، مافی دەنگدانت هەیە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، ئەگەر:

- هەتا دوابەرواری رۆژی هەڵبژاردن (۲۰۲۱/٦/۱۳) تەمەنی ۱۸ ساڵیت پڕکردبێتەوە
- بۆماوەی لایەنیکەم دووساڵ بێ دابڕاوی وە بەر لە ۲۰۲۱\٤\۲۳ شوێنی نیشتەجێبوونت لە فینلاندەدا بووبێت.

شوێنی نیشتەجێبوون بەپێی یاسای نیشتەجێبوون دیاریکراوە. بەگشتی شوێنی نیشتەجێبوون ئەو شارەوانیەیە کە تێیدا دەژیت.

لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ۲۰۲۱دا شوێنی نیشتەجێبوون بەوپێیە دیارکراوە، کە چ شارەوانییەک وەک شوێنی نیشتەجێبوونی دەنگدەر هەتا بەرواری ۲۰۲۱\٤\۲۳ کاژێر ۲٤ لەسەر سیستەمی تۆماری زانیاری دانیشتوان دیاریکراوە.

بەپێی پێویست دەتوانیت بەدواداچوون بۆ زانیاری شوێنی نیشتەجێبوونت لەرێگەی فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵیەوە بکەیت.

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەتوانیت تەنها دەنگ بەبەربژێری شارەوانیەکەت بدەیت.

## ئاگادارکردنەوە لە مافی دەنگدان بۆ تێکڕای ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە ڕەوانەدەکرێت

فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵی تۆماری مافی دەنگدان ڕادەگرێت، کە زانیاریەکانی تێکڕای ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە تێدا تۆمار کراوە. پێویست ناکات بەجیا بەمەبەستی تۆمارکردنی ناو، ناوەندی مافی دەنگدان ئاگاداربکرێتەوە.

فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵی لەبارەی مافی دەنگدانەوە ئاگاداری واتە کارتی ئاگادارکردنەوە هەتا دوا بەرواری ۲۰\۵\۲۰۲۱ بۆ تێکڕای ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، ناونیشانیان زانراوە دەنێرێت. تەنها لەکاتێکدا ئاگادارکردنەوەی ئەلیکترۆنیت بۆ دەنێردرێت، ئەگەر خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی ئاڵوگۆڕی پەیامت کە لەلایەن فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵیەوە دابینکراوە واتە Suomi.fi-viestit ( زانیاری زیاتر لە لینکی www.suomi.fi/viestit) بەکارهێنابێت.
لەسەر کارتی ئاگادارکردنەوەی مافی دەنگداندا ڕێنمایی لەبارەی دەنگدانەوە، لیستەی بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت لەنزیک شوێنی ژیانت و زانیاری لەبارەی مافی دەنگدانی خۆتەوە بەدی دەکرێن. بۆ دەنگدان پێویستیت بەکارتی ئاگادارکردنەوەی مافی دەنگدان نابێت، بەڵکو تەنها پێناسی کەسی پێویست دەبێت.

## شایستە بۆ بەربژێربوون – کێ دەتوانێت بەربژێر بێت

شایستەی خۆبەربژێرکردنیت واتە دەتوانیت لەشارەوانی خۆتدا لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا خۆت بەربژێر بکەیت، ئەگەر ئەو مەرجانەی خوارەوەت تێدابێت:

- شارەوانیەک کە بەنیازی خۆتی تێدا بەربژێر بکەیت، شوێنی نیشتەجێبوونت بێت
- دەبێت مافی دەنگدانت لەشارەوانیەکی  فینلاندەدا هەبێت
- بەبڕیاری دادگا جاڕنەدرابێتیت بەکەسێکی بێتوانا.

لایەنیکەم هەندێک لەفەرمانبەرانی میری و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەری شارەوانی و کارمەندانی شارەوانی کە لەپاسای شارەوانیدا دەستنیشان کراون لەهەڵبژاردنی شاروانیەکاندا ناتوانن خۆیان بەربژێر بکەن.

## بەربژێرکردن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا

لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ئەولایەنانە دەتوانن بەربژێر دەستنیشان بکەن، کە:

- پارتی تۆمارکراون
- دەنگدەرانێکن، کەدەستەیەکی بەربژێرکاریان پێکهێناوە.

پارتەکان بەپێی پێڕەوی خۆیان بڕیار لەسەر بەربژێرەکانی خۆیان دەدەن. ئەگەر بتەوێت ببیت بەبربژێری پارتێک، دەبێت لەوبارەیەوە لەگەڵ پارتەکەدا ڕێکبکەویت.

بە مەبستی پێکهێنانی دەستەی بەربژێرکار لەخاڵی دەستپێکەوە لایەنیکەم پێویست بە دە دانیشتوی شارەوانەییەکە دەکات کە مافی دەنگدانیان هەبێت، بەڵام لەو شارەوانیانەدا کە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانیانەوە بچووکن، بۆ پێکهێنانی دەستەی بەربژێرکار تەنها سێ یان پێنج دانیشتوو پێویست دەبێت.

دوو یان چەند پارتێک مافی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنیان هەیە. دوو یان چەند دەستەیەکی بەربژێرکاریش مافیان هەیە لیستێکی هاوبەش پێکبهێنن.

هەر پارتێک، هاوپەیمانێتییەک یان لیستێکی هاوبەش لەنێو شارەوانیدا دەبێت ئەوپەڕی هێندەونیوێکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی کەهەڵدەبژێردرێن بەربژێریان هەبێت. ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی ژمارەی دانیشتووانی شارەوانییەکە

بەلایەنیکەمەوە لەنێوان ١٣–٧٩ ئەندامدا هەڵدەبژێردرێن، بەڵام شارەوانی خۆی دەتوانێت بڕیار لەسەر ژمارەی زیاتری ئەندامان بدات.

هەر بەربژێرێک ژمارەی تایبەت بەخۆیی هەیە. لەلیستی بەربژێرەکان لیستی یەکخراوی بەربژێرکراوان دادەڕێژرێت و لەسەر کاغەز چاپ دەکرێت، بەربژێرەکان بەپێی ڕێکخراویی ژمارەییان کە لەژمارە ٢ەوە دەست پێدەکات ڕیزبەند دەکرێن. بەربژێرەکان لەلیستە یەکخراوەکەدا بەپێی پارتەکان و لیستەهاوبەشەکان پۆلێنکراون. لیستی یەکخراو لەبارەی هەر بەربژێرێکەوە ئەم زانیارییانە لەخۆدەگرێت: ناو، ژمارەی بەربژێر و پیشە. بێجگەلەوەش لەسەر لیستەی یەکخراوی بەربژێرەکان بەدیدەکرێت، کە

• کام پارتانە هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنیان پێکهێناوە
• کام دەستەی بەربژێرکار لیستی هاوبەشیان پێکهێناوە
• کام پارتانە سەر بەهاوپەیمانێتی هەڵبژاردن نین
• کام بەربژێرانەش لەدەرەوەی لیستی هاوبەشدا بەربژێرن

لیستی یەکخراو لەلیستی بەربژێرەکان لەتێکڕای شارەوانییەکاندا لەبەرواری ٢٠٢١\٥\١٤دا دادەڕێژرێت. لەو نێوەدا لیستی یەکخراوی شارەوانییەکەت لەسەر کابینەی دەنگدان و ماڵپەڕی هەڵبژاردنی وەزارەتی داد (www.vaalit.fi) بەدی دەکرێن. ئەگەر پێشوەخت لەشارەوانییەکی دیکەدا وەک لەشارەوانی خۆت دەنگ دەدەیت، دەتوانیت داوای لیستی یەکخراوی بەربژێرەکانی شارەوانییەکەی خۆت لەکارمەندی هەڵبژاردن بکەیت.

## کاتەکانی دەنگدان

دەتوانیت لەڕۆژی دەنگداندا لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢١/٦/١٣دا یاخود پێش ڕۆژی دەنگدان لەنێو ماوەی دەنگدانی پێشوەختدا دەنگ بدەیت. دەتوانیت تەنها یەک جار دەنگ بدەیت. لەیاسای تاواناندا سزا لەبارەی دووبارە دەنگدانەوەدا دیاریکراوە.

### <u>دەنگدانی پێشوەخت:</u>

دەنگدانی پێشوەخت لە فینلاندەدا لە ڕۆژی **چوارشەممە ٢٠٢١/٥/٢٦** دەست پێدەکات وە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢١\٦\٨دا کۆتایی پێدێت.

دەنگدانی پێشوەخت لەدەرەوەی وڵات ڕۆژی چوار**شەممە ٢٠٢١/٦/٢** وە لە ڕۆژی **شەممە ٢٠٢١/٦/٥** کۆتایی پێدێت.

کاتی دەنگدان لەهەندێک بنکەی دەنگدانی پێشوەختدا کورتترە.

دەتوانیت پێشوەخت لەهەر بنکەیەکی دەنگدانی پێشوەخت لەنێوخۆ و دەرەوەی فینلاندەدا دەنگ بدەیت. بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت بریتین لە:

• لە نێوخۆی وڵاتدا بنکە دیاریکراوەکان لەلایەن شارەوانییەکانەوە، بۆنموونە بەگشتی خانەی شارەوانییەکان
• چەندین نوێنەرایەتی فینلاند لەدەرەوەی وڵات
• بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەک نەخۆشخانەکان، یەکەکانی سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی و فەرمانبەرێتییەکانی بەڕێوەبردنی سزا.
لەبەڕێوەبەرایەتییەکاندا تەنها ئەو دەنگدەرانە مافی دەنگدانیان هەیە کە تێیاندا لەژێر سەرپەرشتیکردندان یاخود کەسانێک کەلەوێ وەرگیراون.
• کەشتیەکانی فینلاندی، کە لەنێو ماوەی کاتی دەنگدانی پێشوەختدا لەدەرەوەی وڵاتدان. تەنها کارمەندانی کەشتی مافی دەنگدانیان لەنێو کەشتیدا هەیە، گەشتیاری سەرنشینی نێو کەشتی مافی دەنگدانیان لەنێو کەشتیدا نیە.

## دەنگدان لەڕۆژی هەڵبژاردندا:

دەنگدانی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە **یەکشەممە ٢٠٢١/٦/١٣** لەنێوان **کاتژمێرەکانی ٩–٢٠** بەڕێوەدەبرێت.

لەرۆژی هەڵبژاردندا دەتوانیت تەنها لەو بنکەی دەنگدانەدا، کە لەسەر کارتی ئاگادارکردنەوە لەمافی دەنگدان دەستنیشان کراوە و بۆت ڕەوانەکراوە دەنگ بدەیت.

## دەنگدان لەنێو ماڵەوەدا:

ئەگەر توانایی بزووتن و هەڵسووڕانت لەئاستێکی سنوورداردایە، کەبەهۆیەوە لەتوانادا نیە بەبێ ئاستەنگیەکی کەمیش لەبنکەی دانگداندا ئامادەبیت، دەتوانیت لەماڵەوە لەنێو ماوەی دەنگدانی پێشوەختدا دەنگ بدەیت.

سەبارەت بەدەنگدان لەنێو ماڵەوە دەبێت هەتا دوا بەرواری ڕۆژی **سێشەممە ١ | ٦ | ٢٠٢١** بەر لەکاتژمێر ١٦ خۆ ناونووس بکرێت. بەمەبەستی خۆناونووسکردن لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەوانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە، کە زانیارییەکانی پەیوەندیکردنیان لەسەر ئاگادارکردنەوەی لەمافی دەنگداندا بەدی دەکرێن. سەرپەرشتیارێک کە لەنێو هەمان خێزاندا دەژیی دەتوانێت لەژێر هەندێک مەرجدا لەهەمان کاتدا لەماڵەوە دەنگ بدات.

## دەنگدان بە نامە:

ئەگەر لەنێو تێکڕای کاتی دەنگدانی پێشوەختدا و لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لەدەرەوەی وولات بیت، دەتوانیت لەڕێگەی نامەوە لە دەرەوەی وولاتەوە دەنگ بدەیت.

بەمەبەستی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە، دەبێت داوابکرێت لەخزمەتگوزاری داواکردنی سەر بەوەزارەتی دادەوە پێداویستییەکانی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە بۆ ناوونیشانێک کە لەدەرەوەی وولات دایە ڕەوانە بکرێت. دەتوانرێت لەپێشوەخترین کاتدا سێ مانگ بەر لەرۆژی دەنگدان داوای پێداویستییەکان بکرێت. وەک کەسێک کەمافی دەنگدانت هەیە، خوودی خۆت بەرپرسیاریت لەوەی بەڵگەکانی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە پێشوەخت داوابکەیت بەجۆرێک، کەلەنێو ماوەی دیاریکراو بەپێی یاسای هەڵبژاردندا وە لەڕێگەی زەرفی ڕەوانەکردنەوەوە فریای گەڕاندنەوەی نامەی دەنگدانەکە بۆ لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەوانییەکەت بکەویت.

## بەو شێوەیە دەنگ دەدەیت

دەنگدانی پێشوەخت و ڕۆژی هەڵبژاردن لەبنکەی دەنگداندا بەڕێوەدەبرێت. دەتوانیت تەنها دەنگ بەیەک بەربژێری سەر لیستی یەکخراوی بەربژێرەکانی شارەوانییەکەت، کە دیاریکراون بدەیت.

١) **کەسایەتیت بۆ کارمەندی هەڵبژاردن بسەلمێنە** واتە پاسپۆرت، کارتی پێناس، کارتی شۆفێری یاخود بەڵگەنامەیەکی دیکەی بەراووردکراو بەوانە نیشان بدە. کارمەندی هەڵبژاردن کارتی دەنگدانت ڕادەست دەکات.

٢) **بڕۆ بۆ نێو کابینەی دەنگدان.** لەهەر جارێکدا لەنێو کابینەی دەنگداندا دەکرێت تەنها یەک دەنگدەر هەبێت.

٣) **لەسەر کارتی دەنگدان ژمارەی ئەو بەربژێرە دەستنیشان بکە، کە دەتەوێت دەنگی پێبدەیت.** دەتوانیت تەنها دەنگ بە یەک بەربژێر بدەیت. لەسەر ئەو بازنەیەی کە لەنێو دیوی ناوەوەی کارتی دەنگدانەکەدا هەیە ژمارەی بەربژێر دابنێ. هیچ جۆرە هێمایەکی دیکە لەسەر کارتی دەنگدان مەکێشە. کارتی دەنگدانەکە بنووشتێنەرەوە بەجۆرێک، کە ژمارەی دەستنیشان لەنێو دیوی ناوەوەی نووشتێنراوەکەدا دەمێنێتەوە و لەدیوی دەرەوە نابیندرێت.

٤) **کارتی دەنگدانی داخراو بەنووشتێنراوەیی ڕادەستی کارمەندی هەڵبژاردن بکە.** کارمەندی هەڵبژاردن کارتی دەنگدانەکە مۆردەکات.

**٥ ئا)** ئەگەر لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەنگ دەدەیت، **کارتی دەنگدان بەمۆرکراوی بهاوێژە نێو سندوقی دەنگدانەوە.**

**٥ ب)** ئەگەر لەدەنگدانی پێشوەختدا دەنگ دەدەیت، **کارمەندی هەڵبژاردن زەرفێکی نامەت پێ دەدات کە کارتی دەنگدانە مۆرکراوەکەی تێدەکەیت و دایدەخەیت.**

ئەگەر توانایيت لەدەستنیشانکردنی ژمارەی بەربژێر لەسەر کارتی دەنگدان بەشێوەیەکی بەرچاوو لاوازبووە، دەتوانیت لەدەنگداندا بەمەبەستی یارمەتیدانت سوود لەیاریدەدەر یاخود بەڕێوەبەری هەڵبژاردن ببینیت. یاریدەدەر نابێت خوودی خۆی لەهەڵبژاردندا بەربژێر بێت وە ناشبێت کەسی نزیکی بەربژێر بێت. یاریدەدەر ئەرکییەتی نهێنی دەنگدان بەنەدرکێندراوی بهێڵێتەوە واتە ئەو زانیاریانەی هاوکات لەکاتی دەنگداندا بەدەستیان هێناوە بەنهێنی بهێڵێتەوە.

## زانیاریی زیاتر

• زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لەلایەن لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەوانییەوە دەدرێن.
فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵی لەبارەی پرسیاری سەبارەت بەمافی دەنگدانی تاک وەڵامدەرەوە دەبێت.
زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی هەردوو لایەن لەسەر کارتی ئاگادارکردنەوە لەمافی دەنگدان بەدی دەکرێن.

• ناونیشان و کاتی کراوەیی بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت، ڕێنوێنی داواکردنی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە، زانیاری لەبارەی بەربژێرەکانەوە هەروەها زانیاری دیکە لەبارەی هەڵبژاردنەوە لەسەر ماڵپەڕی هەڵبژاردنی سەر بەوەزارەتی دادەوە بەدی دەکرێت لە ناونیشانی **www.vaalit.fi**

• لەسەر ماڵپەڕی هەڵبژاردنی سەر بە وەزارەتی دادەوە زانیاری سەبارەت بە بەربژێرەکان لەپاش بەرواری ٢٠٢١\٥\١٤ ەوە هەروەها زانیاریش لەبارەی بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت لەپاش بەرواری ٢٠٢١\٤\١٢ەوە بەدی دەکرێن.

• هەڵبژاردنی ئەم ساڵی ٢٠٢١ بەپێی یاسای داڕێژراوی ژمارە (٢٠٢١\٢٥٦) لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە لەو ڕاگەیەندراوەی کە لە مانگی کانوونی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوە دەقەکەی نوێکراوەتەوە.

فەرمانگەی زانیاری دانیشتووان و دیجیتاڵی ٢٩ \ ٣ \ ٢٠٢١